مەسرور بارزانی و باییزی بەریتانیا لە عێراق گرنگی حکوومەتی فیدراڵ پابەندی دەستوور بێت



ئەمڕۆ یەکشەممە16ـی تشرینی دووەمی 2025، مەسرور بارزانی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان, پێشوازی لە عیرفان سدیق باییزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا دەخی گشتیی عێراق دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران تاوتوێ کرا.

باییزی بەریتانیا پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانی لە سەرکی حکوومەت کرد و هیوای خواست ئەنجامی هەڵبژاردن ببێتە هۆی ئارامی و سەقامگیریی عێراق و باشتربوونی دۆخی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

سەرکی حکوومەت دووپاتی کردەوە، ئاوڕی بە لای هەرێمی کوردستانەوە گرنگە ، کارنامە و بەرنامەی حکوومەتی نوێی عێراق و پابەندبوونیەتی بە دەستوور و هەکەکۆتنەکان و چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ.

لە بەشکی دیکەی کەبوونەوەدا، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی پڵەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم. لەمبارەیەوە سەرکی حکوومەت جەختی کردەوە کە لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەڵومەرجێکی نوێ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم هاتووتە ئاراوە.